ئوردن زنجیرەیەك بەردومانی لەسوێدای سوریا ئەنجامدا



ئەمشەو پێنجشەممە دەنگی زنجیرەیەك تەقینەوە لادێکانی پارێزگای سوەیدایان لە باشوری سوریای هەژاند و دواتریش دەرکەوت، هێرشی فڕۆکە جەنگیەکانی هێزی ئاسمانی ئوردنە کە ژمارەیەك ئەندامی قاچاخچێتی مادەی هێشبەریان کردوەتە ئامانج.

بەگوێرەی سەرچاوەکان، "هێرشە ئاسمانیەکان کڕۆگەکان و شوێنەکانی دەوروبەری گوندەکانی (شەعب، ملح، کەفەر و عەناتە)یان لە لادێکانی باشوری ڕۆژئاوای پارێزگای سوەیدا کردە ئامانج، کە ئەو ناوچانە بە چالاکی تێکەڵکانی قاچاخچێتی ماددەی هێشبەر و چەك بەرەو سنوری ئوردن ناسراون".

سەرچاوەکان ئاماژەیان بەوەشکردوە، "فڕۆکەی سیخوڕی بەسەر ناوچەکەدا فڕیوە پێش ئەوەی بەردومانەکان کۆگاکانی هەڵگرتنی ماددەی هێشبەر و حەشارگەکان بکەنە ئامانج کە لەلایەن گروپە قاچاخچییەکانەوە وەك خاڵی هەڵدانی ئێپەراسیۆنەکانیان بەکاردەهێنرێن".

سوپای ئوردن پێشتر لەناوبردنی ژمارەیەك لە بازرگانانی چەك و مادەی هێشبەر و لەناوبردنی کارگەکانیانی لە میانەی ئێپەراسیۆنەکانیان ڕاگەیاندبو، بە پشتبەستن بە زانیارییە هەواڵگرییە دروستەکان و جەختی لەسەر بەردەوامیی هەوڵەکانی بۆ ڕوبەڕوبونەوەی

هەڵەشە ئەمنییەکان لە بەرەی باکوری وڵاتەکەیدا کردبووە.